چیرۆکی وەرگێڕدراو

ئێڤا نیاندەر

# برا بچکۆلە و خوشکە بچکۆلە



لە سویدییەوە: عەبدوڵڵا قادر دانساز

## دوێنێ

براکەم سەری لێ دام. براکەم زۆربەی ڕۆژان دێتە سەردانم. براکەم دەڵێت: من چاک دەبمەوە. هیچ کەسێکی تر بەقەد براکەم لە منەوە نزیک نییە. هەردەم لە هاوینان نەخۆش دەکەوم، بەڵام ئەو یارمەتیم دەدات. سەعی لەگەڵدا دەکردم و پۆل لە دوای پۆل لە تاقیکردنەوەکان دەری دەچواندم.

ئەو نەخۆشییەی من هەمبوو بەنەخۆشی نەدەژمێردرا. ژنێکی پیری سەیر دکتۆری قوتابخانەکەمان بوو. ئەو دکتۆرە وتی: ئەم دەردە بەهۆی وەرزشی جومناستیک لەنێو دەبرێت. دکتۆری ئاین وەکو گوناحێک تەماشای ئەو دەردەی منی دەکرد.

من بەگوناح لەدایک بوومە. باوکی راستەقینەم عارەقخۆر بوو. ئەو خوشکەی من، کە باوکم لە ژنێکی تر هەیبوو، پەرکەمدار بوو. بۆ نەخۆشییەکەی من هیچ ناوێک نەبوو. ئەوەی نەخۆشیی دەروونی هەیە، دەبێت سەرلێشێواو بێت. من سەرلێشێواو نیم.

لە مندا، دایکم یادەوەریی ناخۆش دەبینێت. من لە مێردەکەی پێشووی دەچووم، ئەوەی عارەقخۆر بوو. هەروەها بەبرای مێردە پێشینەکەشی دەچووم، ئەو برایەی بە عارەقخواردنەوە روحی لەبەر خۆی بڕی. لێکچوونێکی بەدبەخت. دەنا لەوانەشە دایکم منی خۆش بوێت. هەنوکە دایکم منی خۆش دەوێت، لەو کاتەوەی براکەمی لە دەست چووە، من بوومەتە کوڕی ئەو. دایکم بەنێوی کوڕانەوە بانگم دەکات.

لەگەڵ ئەو هەمووەشدا من تەنیا نیم. براکەم بوونی هەبوو. من و ئەو برایەم لە یەک دایک و باوک بووین. ئەو برایەم هەم لە باوکم دەکات و هەم لە باوکم ناکات. هاوین گواستمەوە بۆ لای ئەو. منی پیشانی مۆدێلەکانی خۆی دەدا. ئەوانیش بەسۆزەوە دەستیان بەسەرمدا دەهێنا و منیش ئەوانم بەدڵەوە چوو. بەڵێ، ئەو مۆدێلانەی براکەم لە پەپوولە، باڵندەی جوان و تابلۆکانی براکەم دەچوون.

براکەم بۆ تابلۆکانی پارەی باشی پێ دەدرا. بەڵام براکەم هەندە زۆر گوێی بەپارە نەدەدا.

ئەو هاوینە کۆششی لەگەڵمدا کرد تاوەکو بچمە پۆلێکی ترەوە. راهاتبووین لەسەر ئەوەی لەنێو ئاوە سەوزەکەدا مەلە بکەین. بەڕاکێشان کڵاوی مەلەکردنی لەسەرم دادەکەند و پرچمی دەهۆنییەوە و دەیکرد بە کەزی. بۆ هەر یاسایەکی زمانی لاتینی سەرمی نوقمی ئاوەکە دەکرد و دەیوت: "ئێ. ئەی کەمتەرخەمی چکۆلانە، ئایە تۆ هەنووکە ئەو یاسایە دەزانیت؟"

ئەو کاتەی براکەم باوەشی بەلەشی مندا دەکرد، حەزم لە دەستەکانی ئەو دەکرد. ئێمە خەڵکی سەر بە کەنار نەبووین. من پەریی دەریا و براکەشم نێکن[1] بوو. بەتەواوەتی خۆم بەبراکەمەوە نووساندبوو.

براکەم پەلکە تەڕەکانی منی بەدەوری ملی خۆیەوە گرێ دەدا. بەڕووتی پشتەمەڵەم دەکرد. تەماشای نێو چاوی براکەم دەکرد. چاوەکانی جوان و شینێکی تایبەتی بوون. شین وەکو ئاسمان و سەوز وەکو ئاوەکە بوون. سەوز وەکو ئەو ئاوەی، ڕێگەی دابوو لەشی ئێمە لە باوەشی ئەودا جۆلانێ بکات. براکەم یەکەمین عەشقی من بوو. تاقە پیاوە من جارێک لە جاران عاشقی بوو بێتم.

ئەو کاتەی تەنگانە دەهاتە پێشم، ئەو دەیتوانی یارمەتیم بدات. وایش، بۆ ئەو دەستی سۆزەی ئەو بەسەر منیدا دەهێنا. لەو کارەدا هیچ کەسێک ناتوانێت وام لێ بکات هەست بە گوناح بکەم. لە بەرامبەر کێ هەست بە شەرمەزاری بکەم؟ لە بەرامبەر قوتابخانە، یاوەکو مامۆستای ئاین، یا لە بەرانبەر ژنە دکتۆرە پیرەکە؟ ئایە ئەوان باسی ئەوەیان بۆ کردووم، کە من هەرچۆنێکیش بێت مرۆڤم؟ بەقەد هەرکەسێکی تر مرۆڤم، لەگەڵ ئەوەشدا من دەسەڵاتم بەسەر هۆشی خۆمەوە نەبوو. جگە لە براکەم هیچ کەسێک ئەو شتەی بۆ نەکردووم. ئەو یەکەم کەس بوو برایەتی بەمن نیشان دا. بەتایبەتی ئا ئەم شتەیان بوو وای لێ کردم براکەم خۆش بوێت.

هەنوکە لە تەنیشت قەرەوێڵەکەم دانیشتووە. براکەم ئەوەندەی بڵێی جوانە و لە لای ژنان سەرنجڕاکێشە، لەم رووەوە بەئاواتەکانی گەیشتووە. ئەو کراسەم لەبەردایە، کە دەبێتە مایەی پێکەنینی خەڵکی و ئەوەش ئازارم دەدات. ئەمڕۆ براکەم پەلەیەتی. برا خۆشبەخت و لەش ساغەکەم.

لە پڕێکدا دەمەوێت خۆم بگەیەنمە یەکێک لە وڵاتانی هەراوزەنای ئەو، ئەو وڵاتەی بەتەنیا هی منە. ئەو وڵاتەی هیچ ژنێکی تر ناتوانێ خۆی پێ بگەیەنێت.

من دەڵێم: "برا بچکۆلانەکەم." لە دەرەوە دنیا شینێکی دیودیار[2]ە. نیگام ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕکێی تایبەتی ڕەنگەکانی چاوی ئەو دەبێتەوە. هەردووکمان بێدەنگین.

لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە هەر هەموو پارکی نەخۆشخانەکە دەبینرێت. هەموو جۆرە درەختێک لەو پارکەدا هەیە داربەڕوو، دارباسقەند[3] و ئەسپیندار[4]. لەوپەڕەوە لەلای شیشبەندی پارکەکەوە، بەنداوێکی لێیە. بەنداوێکی چکۆلانەی سەوز و دارئالدەر[5]یش

بەتەنیشتیەوە رووارە.

سەرلەنوێ دەڵێم: "برا بچکۆلانەکەم." براکەم دەستی سۆز بەسەرمدا دەهێنێ. پاشان لەپڕێکدا براکەم ون دەبێت.

بەڵام رۆژ لە دەرەوەی ژوورەکەمدا ئاڵوگۆڕکێ بەرەنگەکانی دەکات. دەمێکە کردوویەتی بەرۆژێکی پایزی. هەنوکە براکەم رێی پێدام بێمە ئێرەکانێ. من ماندوو و سەرلێشێواوم. دکتۆرەکان وا بۆی دەچن من بێئاگا و گەمژەم. یەکێ لە دکتۆرەکان ژنە، بەڵام وەکو ئەو ژنانەی نێو تابلۆکانی براکەم نییە.

ئەو دکتۆرە دەیەوێت رێنمایی مرۆڤەکانی تر بکات. ماوەیەکی کورت دوای ئێستا ئامرازی تابلۆییانە لە مندا دەدۆزێتەوە. هاوڕێیەتیکردنی ئەو دکتۆرە بەژوورێک دەکات، کە کەلوپەل و ئامرازی کۆنینەی تێدایە. ژوورەکە گەرمە و تۆزی لێ نیشتووە. هەموو رۆژێک شتێکی تازە دەهێنرێتە نێو ژوورەکەوە. لە زەویی ئەو ژوورە دەربچێت، ئەوا ئەو دکتۆرە شارەزایەتی رێگەوبانی خۆی لەدەست دەدات.

ئەو بێ ئاگایانە دەیانەوێت گوێم بۆ رادێرن. ئەوان جدییەتێکی کۆمیدیاییان بەلاوەیە. بەڵێ، بەپۆلیسی بچکۆلە دەچن و لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵاوە خشتەی کاری یەک لە دوای یەکیان بۆ دانراوە و دەبێت بە ترس و نیگەرانییەوە گوێڕایەڵی کارەکانیان بن. من تەمەنم منداڵە، ئەگەر بێتو هەست بە تاوانبارکردنی خۆم نەکەم.

ئەو کاتەی باسی هاوڕێکانم دەکەم لەشەرما سوور دەبمەوە، ئەو هاوڕێیانەی براکەم، براکەم ئەوان و منی بەیەکتر ناساندووە. دەمبەخەندە و بەچرپە باسی ئەوانمان دەکرد و دەممان راستەوڕاست لە چاوی یەکتری نزیک کردبووەوە. لە هەمان ئەو شەوانەی، کە من بەبێ ئەوەی هیچ هۆیەک بۆ روونکردنەوە بوونی هەبێت، چزە لە دڵم دەدرێت گوێ لە متمانەکانی ئەو دەگرم.

بەڵام هەرگیز لەلای ئەو کەسانە باسی براکەم ناکەم. ئەوەیان نە لەترس و نە لە شەرمەزارییەوەیە. بێگومان بەشی ئەوە خەڵک هەیە، لە خۆشەویستی تێ بگات. بەڵام لەنێو ئەمانە هیچ کەسێکی تێدا نییە. ئەوان لەبەرچاوانیان تەونی جاڵجاڵۆکەییان چنیوە. ئەوان دەیانەوێت بە پاڵنانی تۆقێنەر و کارەباییەوە هەموو کێشەکان دووربخەنەوە.

رۆژێکیان دەچمە دەرەوە بۆ نێو پارکەکە. بەتەنیشت بەشەکانی نەخۆشیی دەروونییەوە رەت دەبم. دەچم بۆ لای ئەو خانمەی لەلای شوورا ئاسنینەکەوەیە. کەسێک بەر لە من

لەویاکەیە. زەلامێکی پیر و تەنیایە. تەماشای ئەو چڵپاوە دەکات.

ئەو زەلامە کەسێکم بەبیردا دەهێنێتەوە. لەوانەیە ئەو پیاوە لادێیەم بە بیردا بهێنێت، کە تۆڕی ماسیی لەنێو ئاوی سەردەمی منداڵیم دەنایەوە. بەبێدەنگی لە تەنیشتییەوە دادەنیشم. هەوای پایز سارد و دیودیارە. زەنگی کڵێسایەک لە جێگەیەکی دوورە زەنگ لێ دەدات. بەڵام ئێمە لە جێگەی خۆمان ناجوڵێینەوە. ئەو زەنگانە بۆ ئێمە لێ نادرێن.

ئیتر ئەو دەست بەگێڕانەوە دەکات. چاوەکانم زەق دەبنەوە. ئەوان فرێم دەدەنە نێو بەندیخانەوە. یاوەکو فرێم دەدەنە نێو بەندیخانەیەکی لەم بابەتە. ئەگەر بێتو من ئەو قسانەم بۆیان بگێڕایەتەوە. منیان لە براکەم دەستاندەوە.

زەلامەکەی تەنیشتم وەکو من نەخۆش بوو. جگە لە کیژەکەی هیچ کەسێکی تر لێی تێ نەدەگەیشت. لەوە بەدوا هیچ کەسێک برایەتی بەو نیشان نەدەدا. کابراش کیژەکەی خۆی خۆشدەویست. لەبەر لەشی نا، بەڵکو لەبەر برایەتی، کیژەکەی خۆشدەویست. دایکی کیژەکە نەیدەتوانی بەبێ سامانەکەی بژێت. کیژەکە ئازاری خۆشەویستی لە چاوەکانی کابراکە دەبینی. دوای ئەوە کیژەکە چوو بۆ لای پۆلیس.

هەمدیسان لەنێو ڕۆژانی پایزی خۆمدام. کوا لە کوێیە ئەو هاوڕێیەم،، کە لە تەنیشت بەنداوەکەدا بوو؟ لە وڵاتێکی تردایە و لەگەڵ زەنگی کڵێسای تردایە. لەوانەیە ئەو کڵێسایانە لە بۆ زەماوەند زەنگ لێ بدەن. کیژەکەی ئەو کابرایەش بووکە. هیچ کەسێک ناتوانێ ببێت بەخاوەنی ئەوان، هیچ کەسێک ناتوانێت سزایان بەسەردا بسەپێنێت.

چاوانی ئەو وەکو چاوانێک وانەبێ بینایی زەق زەق تەماشا بکەن. لەوانەیە ئێستا کابرا بتوانێت ببینێ. گوڵەباخی سوور، گران چقڵی هەندە تیژیان پێوەیە. بەسەر هەر هەموو ئەو گوڵانە بەپیادە دەڕوات. نیگای بەدی ژنەکەی، خۆراکی بەراز، بۆنی ئەو بۆگەنییە... سەرزەنشتی تێگەیشتن ئەو کابرایە لێیان تێ ناگات. لەوانەیە ئێستا سەردەمی گوڵەباخی ئەو کابرایە بێت.

بەڵام من لەنێو تاریکاییەکەدا ئاگرم بۆ هەڵکرابوو. زۆر خێرا ئاگرەکان سووتان و گڵکۆیان دامرکایەوە. لەو جێگایەی لەبەر روخساری هاوڕێکانم دەدرەوشایەوە، جگە لە ئاگردانێکی مردوو نەبێت هیچ شتێکی تر بوونی نەبوو. دارستانەکە بەبێ ڕێگە و ڕووناکی لە دەوروبەری مندا بوو. هەنگاوێکیش چییە من نەمدەتوانی بینێم. ئەوجا ئەو تینوێتییەش تەنگت پێ هەڵچنێت. تینوێتیی من بۆ برایەتی.

ئەوجا من زەردەخەنەی بۆ دەکەم.

من فەرمان بەسەر خەونەکانی خۆم نادەم. خەونەکانم فەرمان بەسەر مندا دەدەن. من ئامرازی دەستی ئەوانم. خەونەکانم زۆر دەمێکە منیان هێناوەتە خەواندن. لەو دارستانەی رێگە دەکەم گورگەکان دەلورێنن و باڵندە دڕندەکان بەسەر پۆپەی دارەکانەوە دەخولێنەوە. خەونەکانم رێگەی ترسناکیان دەوێت. خەونەکانم من رەوانە دەکەن.

دکتۆرە رەشتاڵەکە دەپرسێ: "ئایا هیچ کەس یارمەتیی نەداوی؟"

منیش وەڵامی پرسیارەکە دەزانم.

ئەم پایزە تا رادەیەکی تەواو هەردەم بۆنی گوڵەباخی لێوە دێت. ئەو بۆنە هی کیژێکی ئیتاڵییە. ئەو کیژە هاورێییەکی باشی منە. پرچی سوور و پڕە. دوو چاوی شین و بۆری هەیە.

من دەڵێم: هیچ کەسێک: بەڵام ئەگەر بهاتبایە و من رێگەی خوای خەونم بزانیبایە. ئەوا ئەو کاتە گەڵاکانی گوڵەباخێکم دەچنییەوە. ژنێک بەخێرایی بەتەنیشتمەوە تێپەڕ دەبێت. دەموچاوی زۆر بێڕەنگە. رەنگی دەموچاوی بە تەمومژی مانگی نۆڤەمبەر دەچێت.

ئەو کاتەی چوومە لای دکتۆرەکە پێم وت: "ئایە تۆ خاوەنی وڵاتێک و خەڵکێک نیت. بەسەر ئاوەکانتەوە بەلەمێکم بۆ رەوانە بکە. بمبە بۆ لای خۆت. تۆ لە خەونەکاندا باسی برایەتی دەکەیت. بەڵام من تەنیا لەلای براکەم برایەتیم بینیوە. بەڵام هەروەک لەنێو داستانەکەدا هەموو دارستان بانگ دەکەن ئەوەی لە من دەخوازتەوە دەبێت بە بەورێک. خەونەکانی من لەبەر خاتری مرۆڤەکان بەدن. رێم بدە دووبارە براکەم ببینمەوە. بەڵام لە وڵاتەکەی تۆدا."

خۆر ئاوا بوو. ماندووم. هەست دەکەم دەمم وشک بووە. بەدوای دۆلکەکە دەگەڕێم و ئەو گوڵدانەی گوڵی تیایە، دەستم بەری دەکەوێت و بەردەبێتە خوارەوە. گوڵەکان لەسەر زەوییەکە لە نێو وردە شووشەکاندا کەوتوون.

دکتۆرەکە زەق زەق تەماشام دەکات و دەڵێت" "تا هەنوکەش تێ ناگەیت. من دەبێت لەگەڵ سەرپزیشک قسە بکەم."

من بەبێ جوڵە بەڕاکشاوی ماومەتەوە. گوێم بۆ شتێک راگرتووە. بەڵام خوای خەون وەڵامم ناداتەوە.

من بەدوای برایەتیدا دەگەڕێم. بەتەنیا کانییەکم دۆزییەوە. لەو کانییە ئاوم خواردەوە. تا دوا دڵۆپم لە کانییەکە بڕی ئاوم خواردەوە.

دارستان هۆشیاریی پێ دام "ئەوەی لە من دەخواتەوە دەبێت بە بەور." ماوەیەکی کەم دوای ئەوە لەوێ بردمیانە دەرەوە. وەکو ئاژەڵێکی دڕندە بەستمیانەوە. ئیتر هەرگیزیش بۆم نییە براکەم ببینمەوە.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان:

Eva Neander, Lilla bror och lilla syster, Bonniers, 1951, P.146-152

‹*› ئێڤا نیاندەر: لە ساڵی ١٩٢١ لە شاری "کیرونا" لە باکوری سوید هاتووەتە دنیاوە و لە ٢٢ شوباتی ساڵی ١٩٥٠ خۆی کوشت. ئیڤا بەر لە مردنی دیوانێکی شیعر و دوو کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمانێکی بەچاپ گەیاند. دوای مردنی ڕۆمانێک "کە دەبوایە دوا چاوپیاخشاندنی پیادا بکردایە، پێش چاپکردنی بەپێی ڕێنماییەکانی نووسەر و ڕەچاوکردنی شێوازی نووسینی ئەو دوا پیاچوونەوەی تیادا کراوە" و سێ چیرۆک "ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانە" و چەند شیعریک، لەتوێی کتێبێکدا بڵاوبوونەوە. یەکێکە لە نووسەرانی چلەکانی سەدەی بیستەم، کە بەسەردەمی زێڕینی چیرۆک دادەنرێت. لەم چیرۆکەدا بەتەواوەتی بێئومیدی لە ژیان لەلای نووسەر بەدی دەکرێت و نزیکبوونی نووسەر لە خۆکوشتن زۆر شتێکی سەیر نییە. بەر لەوەی خۆی بکوژێت پلانی دوا بەرهەمی بەنێوی ئەم چیرۆکەوە دانابوو و ئەو کتێبەی ئەم چیرۆکەی لێ وەرگێڕدراوە بەهەمان نێوەوە بڵاوبووەتەوە.

‹١› نێکن: پیاوێکی ئەفسانەیی سویدیی مۆزیکژەنە. لە پرێکدا لە نێو دارستان و ئاودا پەیدا دەبێت. لە ئەفسانە کۆنەکانی سوید بە کەسایەتییەکی بەد نێو دەبرێت.

‹٢› دیودیار: شەفاف، بەزۆرێ لە ناساندنی قوماشدا بەکار دەهێنرێت، دەڵێن: قوماشەکە دیودیارە، واتە لە دیوێکی قوماشەکەوە ئەو دیوەکەی تری دەبینرێت، بەبێ ئەوەی قوماشەکە ببێت بە لەمپەرێک لە بەردەم بینینی دیوەکەی تری قوماشەکە.

‹٣› دارباسقەند: جۆرێکە لە جۆرەکانی داری کەڤووت.

‹٤› ئەسپیندار: سپی چناریشی پێ دەوترێت، جۆرێکە لە جۆرەکانی دارچنار.

‹٥› ئاڵدەر: جۆرە درەختێکە سەر بە خێزانی بێتولایە.